# بۆ رای گشتی

لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعس و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ لەئێراق، بارودۆخێکی نوێ لەهەرێمەکە هاتۆتە کایەوەو ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆزی کورد و چارەسەرکردنی دەکات، بێگومان بەنێودەوڵەتی بوونی پرسی ئێراق لەگەڵ خۆیدا گۆڕان و چاکسازی لەزۆربەی بوارەکانی ژیان) سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ...هتد) دەهێنێ و زەمینە بۆ سەردەمێکی نوێ دەرەخسێنێ.

پارتیمان (پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان) هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئەمڕۆ جددییەتی ئەو گۆڕانکارییانەی رەچاوکردووە و هەوڵیداوە بەپێی ئەو رەوشە نوێیە پەرە بەخەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی - دیموکراتیانە بدات و لەم چوارچێوەیەشدا خاوەنی تێڕوانین و هەڵوێستی تایبەت بەخۆیەتی و، ئەو وەرچەرخان و رووداوانەی لەم دووساڵەی دواییدا لەباشووری کوردستان و ئێراق هاتوونەتە کایەوە، شاهێدی بەرچاو روونی و تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی پارتیمان بووە. ئێمە راشکاوانە رامانگەیاندووە کە دەبێت لەهەرێمی کوردستان سیاسەت و دەسەڵات دیموکراتیزە بکرێت و ئازادی سیاسی و رێکخراوەیی دەستەبەر بکرێ و، سیاسەت و دەسەڵات لەلایەن هیچ حزب و گرووپێکەوە پاوان نەکرێت. هەڵبەتە بەبێ پەرەپێدانی ئەزموونێکی دیموکراتی راستەقینە بەرزکردنەوەی دروشمە بریقەدارە نەتەوەییەکان هیچ نرخێکی سیاسی و پراکتیکیان نابێت و لەخۆ دووبارەکردنەوە بەولاوە شتێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. کەچی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان) وەکو رابردوو سوورن لەسەر پاوانکردن و کۆنترۆڵکردنی سیاسەت و ئابووری و راگەیاندن و کۆمەڵگا، لەم چوارچێوەیەدا کۆسپ و ئاستەنگی بۆ هێزە سەربەخۆ و دیموکرات و نوێخوازەکان دەنێنەوە و پارتیمان لەو بوارەدا بەشێکی زۆری بەرکەوتووە. لەکاتێکدا هەردوو حزب پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو مەزنترین دەسکەوتی دەیان ساڵەی خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمان پێناسە دەکەن، کەچی هەر خۆشیان یاسا و رێساکانی پەرلەمان و حکومەت وەلادەنێن و بەرژەوەندی و دەسەڵاتی حزبی دەسەپێنن. بەردەوام بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتی یاسایی رێگری لەکار و چالاکییەکانی پارتیمان دەکەن، لەم چوارچێوەیەدا بەپێویستی دەبینین ئاماژە بەم خاڵانە بکەین:

1- بەپێی یاسای ماددەی (7)ی ساڵی 2002 یاسای دووەم هەموارکردنی ژمارە(17) ی 1993ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق، ئێمە لەسەرەتای مانگی 6 ی 2004 داواکاری رەسمی و پێویستییەکانمان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی ئیشەکەیان راگرتووە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی هەمان قانون ئەگەر لەدوای (3) مانگ ئەو لایەنەی کە داواکاری مۆڵەت وەرگرتنی پێشکەش کردووە وەڵامی نەدرایەوە، ئەوا دەبێتە پارتێکی مۆڵەتپێدراو.

2- لەقانونی ئیدارەی دەوڵەت لەقۆناخی راگوزاریدا، ئازادی سیاسی رێکخرابوون و سازکردنی حزبی سیاسی بەپێی یاسا لەماددەی 13 و لەخاڵی) ج)دا جەختی لەسەر کراوەتەوە, هەردوو حزبی ناوبراویش ئەو قانونەیان بۆ بەڕێوەبردنی ئێراق ئیمزاکردووە و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەئێراق.

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەسەروبەندی رووخانی دەسەڵاتی بەعس، بنکەو بارەگای لە بەغداد، کەرکوك، موسڵ, مەخمور, دوزخورماتوو و خانەقین داناو کاروچالاکی دیموکراتیانەی بەڕێوەبردووە, هەروەها وێڕای رێزگرتن لەقانونی ئیدارەی دەوڵەت, بەپێی تواناکاری خۆی هەوڵی جێبەجێکردنی داوە.

**پ. چ. د. ك له20 مانگی رابردوو, جگه لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیداری هەولێر و سلێمانی، لەسەرجەم ناوچە ئازادکراوەکانی هەرێمی کوردستان و باقی هەرێمەکانی دیکەی ئێراق بەشێوەیەکی قانونی و ئاسایی کاروباری خۆی بەڕێوەبردووە، لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتی کاتی ئێراق و هێزە فرەرەگەزەکان کار ئاسانی بۆ کراوە و پشتگیریشی لێکراوە.**

**پ. چ. د. ك له بەغدا وەکو ئەندامێکی چالاکی کۆنگرەی بەغدا ( مؤتمر بغداد له موسڵ له (هیئە العمل المشترك)ی حزبە کوردستانی و ئێراقییەکان، لەکەرکوکیش لەدامەزراندنی (ئەنجوومەنی برایەتی و دیالۆگی دیموکراتی) مجلس التأخی الحوار الدیمقراتی ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە و بەشدار بووە.**

**3- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەئێراق بەپێی بڕیاری(36) ی 2004/11/13 پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستانی وەکو قەوارەیەکی سیاسی پەسەند کردووە کەبەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا بکات. بەپێی ڕەچاوکردنی ئەو مادده و خاڵانەی سەرەوە پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لەهەرێمی کوردستان و ئێراق پارتێکی مۆڵەتپێدرا و قانونییە و لەمەودوا لەوچوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت دەکەین، هەر کۆسپ و ڕێگریەکی دامودەزگاکانی ئیدارەی هەولێر - سلێمانی لەدەرەوەی قانون دەبێت و پێشلکردنی ئازادی سیاسی و ڕێکخراوەیی و مافەکانی مرۆڤ و دەستوری هەرێمی کوردستان و قانونی ئیدارەی دەوڵەت، وێڕای ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و رای گشتی، ئێمە لەسەر خەباتی دیموکراتیانە بەردەوام دەبین و هیوادارین ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستانیش زیاتر گەشە بکات و نەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی هیچ هێز و لایەنێك.**

**مەکتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان**

7/1/2005